# گۆڕینی ڕسته له (ڕاگه‌یاندن)ه‌وه بۆ (دانانی) و به‌پێچه‌وانه‌شه‌وه

ئاماده‌كردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی
ئاماده‌ییی (سلێمانی)ی كچان
پێنجشه‌ممه (٢٠٢٣/٤/١٣)

**یه‌كه‌م: له كاتی گۆڕینی ڕسته له (ڕاگه‌یاندن)ه‌وه بۆ (دانانی)، باشتر وایه به‌م شێوه‌یه بێت:**

**١/ له هه‌نگاوی یه‌كه‌مدا ده‌بێت (كاره ڕاگه‌یاندنه‌كه) بگۆڕین بۆ به‌رانبه‌ره‌كه‌ی له (دانانی)، ئه‌گه‌ر ته‌نیا وتی ئه‌م ڕسته‌یه بگۆڕه بۆ (شێوازی دانانی).**

**به‌ڵام ئه‌گه‌ر له پرسیاره‌كه‌دا داوا و دیاریی كردبوو، كه ڕسته‌كه بگۆڕین بۆ ڕێژه‌یه‌كی دیاریكراو له دانانی، ئه‌وا ده‌بێت به‌پێی داواكارییه‌كه بێت، ئه‌و كاته زۆر شت ده‌گۆڕێن.**

**٢/ ده‌بێت جێناوه لكاوه‌كان هه‌مان (كه‌س) بن، واته كه‌سه‌كان ناگۆڕێن، یان نایانگۆڕین، مه‌گه‌ر خۆی داوای بكات.**

**زۆر جار (كۆمه‌ڵه)ی جێناوه لكاوه‌كان ده‌گۆڕێن.**

**زۆر جار (شوێن)ی جێناوه لكاوه‌كان ده‌گۆڕێن.**

**(شێوه و كات)ی كاره‌كانیش ده‌گۆڕێن.**

**٣/ له كۆتاییی هه‌موو هه‌نگاوه‌كاندا، (كاری یاریده‌ده‌ر، یان وشه)یه‌ك بۆ سه‌ره‌تای ڕسته دانانییه‌كه داده‌نێین، كه بگونجێت له‌گه‌ڵیدا.**

**نم/ ئه‌م ڕسته‌یه (ژینگه ده‌پارێزین.)، بگۆڕه بۆ شێوازی دانانی.**

**وه‌ڵام/ (ده‌بێت ژینگه بپارێزین.)**

**نم/ ئه‌م ڕسته‌یه (ژینگه ده‌پارێزین.)، بگۆڕه بۆ شێوازی ڕێژه‌ی ڕابردووی نزیكی دانانی.**

**وه‌ڵام/ (ده‌بوو ژینگه‌مان پاراستبا.)**

ماموستا (عبدالله عبدالقادر علی)

نم/ ئەم ڕستەیە (خانووەکەیان کڕیوە.)، بگۆڕە بۆ شێوازی دانانی.

وەڵام/ (لەوانەیە خانووەکەیان کڕیبێت.)

نم/ ئەم ڕستەیە (ژینگەیان پاراست.)، بگۆڕە بۆ شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی.

وەڵام/ (دەبێت ژینگە بپارێزن.)

دووەم: لە کاتی گۆڕینی ڕستە لە (دانانی)یەوە بۆ (ڕاگەیاندن)، باشتر وایە بەم شێوەیە بێت:

١/ لە هەنگاوی یەکەمدا، دەبێت (کاری یاریدەدەر، یان وشە)کە لاببەین.

٢/ لە هەنگاوی دواتردا دەبێت (کارە دانانییەکە) بگۆڕین بۆ بەرانبەرەکەی لە (ڕاگەیاندن)، ئەگەر تەنیا وتی ئەم ڕستەیە بگۆڕە بۆ (شێوازی ڕاگەیاندن).

بەڵام ئەگەر لە پرسیارەکەدا داوا و دیاریی کردبوو، کە ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕێژەیەکی دیاریکراو لە ڕاگەیاندن، ئەوا دەبێت بەپێی داواکارییەکە بێت، ئەو کاتە زۆر شت دەگۆڕێن.

٣/ دەبێت جێناوە لکاوەکان هەمان (کەس) بن، واتە کەسەکان ناگۆڕێن، یان نایانگۆڕین، مەگەر خۆی داوای بکات.

زۆر جار (کۆمەڵە)ی جێناوە لکاوەکان دەگۆڕێن.

زۆر جار (شوێن)ی جێناوە لکاوەکان دەگۆڕێن.

(شێوە و کات)ی کارەکانیش دەگۆڕێن.

نم/ ئەم ڕستەیە (دەبێت نمرەی بەرز بەدەست بهێنین.)، بگۆڕە بۆ شێوازی ڕاگەیاندن.

وەڵام/ (نمرەی بەرز بەدەست دەهێنین.)

نم/ ئەم ڕستەیە (دەبێت نمرەی بەرز بەدەست بهێنم.)، بگۆڕە بۆ شێوازی ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن.

وەڵام/ (نمرەی بەرزم بەدەست هێنابوو.)

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

نم/ ئەم ڕستەیە (ڕەنگە نمرەی بەرزیان بەدەست هێنابێت.)، بگۆڕە بۆ شێوازی ڕاگەیاندن.

وەڵام/ (نمرەی بەرزیان بەدەست هێناوە.)

نم/ ئەم ڕستەیە (ڕەنگە نمرەی بەرزیان بەدەست هێنابێت.)، بگۆڕە بۆ شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن.

وەڵام/ (نمرەی بەرز بەدەست دەهێنن.)

نم/ ئەم ڕستەیە (دەبێت کاری خراپ ئەنجام نەدەم.)، بگۆڕە بۆ شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن.

وەڵام/ (کاری خراپ ئەنجام نادەم.)

لە کۆتاییدا، بە سەیرکردنی نموونەکان، هەنگاوەکانی گۆڕینی ئەم دوو شێوازەی کار، تەقریبەن پێچەوانەی یەکترن.

---

# کۆتایی

مامۆستا (عبداللە عبدالقادر علی)